# گفتوگۆ لەگەڵ

# وەلید عومەر

پرسینی: ڕوشدی جەعفەر

**پرسیار : یەکێک لەو پرسانەی چەند دەیەیەکە یەخەی کۆمەڵگای کوردی گرتووە، و کەچی کەمجاریش شێلگیرانە بەکێشەکراوە بریتییە لە کۆچکردن بۆ دەرەوەی وڵات- کە بەتایبەت گەنجان دەگرێتەوە، و کەسانێکیش هەن لەگەڵ خێزانەکەیاندا دەڕۆن. دیارە، لە دیوە مێژووییەکەوە ئەم کۆچە چەندین دەیەیە بەشێوەی جیاواز هەیە- ئێمە خۆمان مێژوویەکی جێگیرمان نەبووە، بگرە کۆچکردنیش، کۆچە لە ناجێگیریەکی مێژوویی. لەم یەک دووساڵەی دواییدا کۆرۆنا و ڕێوشوێنە توندەکانی تا ڕادەیەک کۆچەکەیان خاوکردەوە (گەرچی باس لەوە دەکرێت، وێڕای مەترسی و ڕێوشوێنە توندەکانیش، ساڵی پار هەزاران کەس چوونەتە ئەورووپا). چۆن لەم کۆچە بەرەو "خاریج" تێدەگەن؟ چۆن لەو گۆڕانانە تێدەگەن کە بەسەر دیاردەی غوربەت و کۆچکردندا هاتوون؟ بۆ وردتر دەستنیشانکردن با نمونەیەک لەپەیوەست بە دیوە زمانییەکەیەوە بخەینەڕوو: تا ئەم دواییانەش وشەی "خاریج" بەبەربڵاوی بەکاردەهات، بگرە تا ئێستاش: فلان کەس چووە خاریج یان لە خاریج هاتووەتەوە. کەواتە پرسیارەکە هەر ئەوە نییە خاریج کوێیە، بەڵکو بریتییشە لەوەی "خاریج چییە"؟ بەکارهێنانی وشەی خاریج لەبری "دەرەوەی وڵات" یان ئەورووپا هەروا شتێکی لاوەکی نییە. ناونانی پانتایی دەرەوەی کوردستان بە خاریج، بە وشەیەکی نا-کوردی، بەجۆرێک لە جۆرەکان، ترس و تاسەیە لە/بۆ شوێنێک هیچی کوردی تێدا نییە. "خاریج" پانتایی ئەویترە لەوپەڕی نەناسراویی خۆیدا، ڕووبەرێکی تاریکی پەیپێنەبراوە. هەر لێرەوەش، سەیر نییە جێگرتنەوەی "خاریج" بە ئەورووپا یان کەنەدا یان وڵاتێکی ئەورووپی دیاریکراو بەرەنجامی کەمبوونەوەی جەبری شوێنە؛ گۆڕانی وشەکە لە خاریجەوە بۆ "ئەورووپا"، نیشاندەری گۆڕانی سەردەمێکیشە کە تێیدا چیتر غوربەت و سەرهەڵگرتن ئێش، نامۆیی، ئەفسون، لوغز و سەرنجڕاکێشیی جارانی نییە. لەم ئاستەشدا، تەکنۆلۆژیا و جیهانگیری و تۆڕەکانی کۆمۆنیکاسیۆن دەستکاریی پەیوەندیی نێوان لۆکاڵ و گلۆباڵیان کردووە. کەواتە "خاریج" چییە/کوێیە؟**

**وەلید عومەر:** ڕەنگە بتوانین دوو جۆر گۆڕانی گشتی لە پرسی سەفەر(کۆچ)دا بیرخەینەوە. بەراورد بە دونیای کلاسیک، کۆچی سەر زەوی، بەر بنبەست و تراومای

خۆی کەوتووە. یەک لە نوسەرەکانی سەرەتای سەدەی بیست دەنوسێت لەو کاتەوەی زانیمان زەوی خڕە، ئیتر سەفەر بە واتا کۆنەکەی کۆتاییهات. خڕیی زەوی، لەڕووی هزرییەوە و لە پەیوەندییدا بە کۆچەوە واتە سەفەر بنی هەیە. لەڕووی شوێنەوە، کۆتایی هەیە. فۆرمی خڕ گەرچی لە دونیای کۆندا هێمای کەماڵ و ناکۆتا بوو، بەڵام لە ئاستە شوێنەکییە مۆدێرنەکەیدا ئەم ڕەهەندە دەدۆڕێنێت. بۆیە خڕیی زەوی، ئەو ئاسۆ تەمومژاوییە فەنتازییەی لەکۆندا هەیبوو، نایمێنێت. مرۆڤەکان وەک تاک دەتوانن بەپێی فەنتازیا شەخسییەکەیان نیشانە لە شوێنێک بگرن و کۆچی بۆ بکەن، بەڵام فەنتازیا بنەڕەتییەکەی مرۆڤ سەبارەت بەوەی زەوی تەختاییەکە و هەر دتوانێت بڕوات و ملبنێت، کۆتاییهاتووە. لەبری ئەمە، سەفەری فەزا و هەسارەکانی تر بەجۆرێک لە جۆرەکان بوونەتە جێگرەوە. لەم ڕووەوە، شادی و هەلهەلەکێشان بۆ ئەوی سەلماوە زەوی خڕە، ساویلکەییەکی زانستییە و خۆی لەخۆیدا هیچ دەسکەوت نیە. بە مانایەکی تر، ئێمە یەکێک لە ئارکیتایپ یان ئیماگۆ دێرینەکانمان لەدەستداوە. ڕێمبدە سەرکێشییەکی هێرمیونۆتیکی بنوێنم و بڵێم: زۆرکەس مافی خۆیانە بڕوا بە خڕیی زەوی نەهێنن، مەسەلەکە هەروا فاکتێکی زانستی یان بڕوایەک نیە، بەڵکو چەقینێکی مناڵانەشە لە چێژ(ژویسانس)ێکی کۆندا کە زۆر شتی مرۆڤەکانی ڕێکدەخست. زەوی گەر وەک فاکت تەخت نەبێت، بەڵام وەک پاشماوەی خەیاڵێکی دێرین هەر تەختە. فاکت ناتوانێت لە قۆناغێکدا، وێنەیەک لەبنڕا هەڵکێشێت. لێرەدا نەست لە دەربڕینێکی فیتیشیستییدا دێتەگۆ و دەڵێت: **بێگومان ڕاستە، زەوی خڕە. بەڵام قەیدی نیە، بەجۆرێک دەجووڵێینەوە وەکبڵێی تەختە.** من وەک بێخوایەک سەرەنجام شادم بەوەی

ئەم جیهانە ڕوونکەینەوە، بەڵام ڕوونکردنەوە و ڕوونبوونەوەش خۆی بۆخۆی هیچ دەسکەوت(انجاز)ێکی تیا نیە. مادام ژیان و جیهان ڕێکەوتن، ڕوونبوونەوەش ڕێکەوتێک زیاتر هیچی تر نیە. تەنیا لەو حاڵەتەدا نەبێت بیخەینە نێو گەشەی شارستانیی مرۆڤەوە و ناوی دەسکەوت و داهێنان و ئەمانەی لێ بنێین. بەڵام جاروبار زەرووره وچانێک وەرگرین و بەر حیرەت(wonder)ـی فەلسەفی بکەوین کە ئێمە خەریکی چین؟ ئاخۆ جیهان و زەوی و هت، پێش و پاش ڕوونبوونەوەش هەر مایەی حیرەت و حەپەسان نین؟ گریمان زانییمان لەشی ئێمە لە گەردیلەی دوورترین ئەستێرەکانیش درووستبووە و پێکهاتەی وانی تیایە، بەڵام ئەمە شتێکی ئەوتۆ لە حیرەتە بنەڕەتییەکە ناگۆڕێت. ویستم ناڕاستەوخۆ بڵێم سەفەر جیا نیە لە شوێن. بەتایبەت لەوێوە کە شوێن، بنکی خەیاڵ دادەڕێژێت و خەیاڵیش قەت وەهمی ڕووت نەبووە بەڵکو چوارچێوەیەکی *بە دیدە نەبنیراوی* شوێن دەوریداوە.

گۆڕانی دووەمیش پەیوەندیی بە ئێمە و سەفەرەوە هەیە. ڕەنگە ئێمە لە قۆناغێکدا بە بەرچاوێکی کەمێک تاریکەوە سەفەرمانکردبێت، هۆیەکان شاراوەتر بووبن، بەڵام وردەوردە بە بەرچاوی ڕوونترەوە کۆچدەکەین. گەر پێشتر هۆیەکە خۆڕسکانەتر بووبێت، ئێستا بەبەرنامەترە و پتر حسێبکارانە و ئابوورییانەیە. بەڵام هۆیەک هەیە لە پێشوو و ئێستاشدا وەک "زیادە"یەک ماوەتەوە و پێویستە کەمێک ورد لەسەری بوەستین و لە هەستیارییە تیۆرییەکەی نزیکببینەوە. ئەو خاڵەی کە ڕەنگە بتوانین ناویبنێین **ئیمکانی ڕووت** یان هۆی ڕووت. سادەتر بیڵێم، هەمیشە یەکێک لەو هۆیانەی وادەکات مرۆڤ سەفەربکات، جگە لە سەفەر خۆی هیچی تر نیە. ئەمە خاڵێکە هەردەم لە

دەستی عەقڵی باو(کۆمۆن سێنس) هەڵدێت. گەر لە کەسێکی ئاسایی بپرسیت بۆ سەفەردەکەیت، بۆ کردت، بۆ دێیتەوە و هت، سەرباری ڕیزکردنی وەڵامەکان کەچی لە وتنی وەڵامە ڕیشەییەکەدا تیادەمێنێت و ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات. ئەو هۆکارەی کە کورتنابێتەوە بۆ هیچکام لە هۆکارە کۆنکرێتی و بەرچاوەکان(ئیتر سیاسی و ئابوری بێت یان هتد). سەفەر خۆی ئەو هاندەر و ئەنگێزەیەیە کە بەشێوەی ڕیترۆئەکتیڤ هۆکاری خۆیشی درووستدەکات. شتێکی لەم جۆرە: «بۆ سەفەردەکەیت؟» چونکە «سەفەر دەکەم». واتە گەر هەموو هۆکارە ڕۆژانەییەکانیش لە سەفەر داماڵیت، ئەوا مانای ئەوە نیە ئەو هاندەرە ناوەکییە بکوژیت کە سەفەر خۆی درووستیدەکات. بەم پێیە، لە پێشوو و ئێستاشدا، مرۆڤی ئێمە کە سەفەردەکات، چەندە هۆیەکانی گۆڕابن، ئەوا وەک ئەنگێزەیەکی خۆڕسک ناتوانێت لەو هۆکارە هەڵبێت کە سەفەر خۆی هۆکاری خۆیشیەتی. کاسبکارێک کە بڕێک پارەی هەیە و بە نیازی خۆی لەپێناوی شتێکدا سەفەردەکات، لەم خاڵەدا هاوبەشە لەگەڵ ئەو کەسەی لافی شیکی سەفەر لێدەدات و دەڵێت حەزدەکەم دنیا ببینم. ئەمە دیسان کەلینی فاکت و هۆکاری ڕۆژانە دەردەخات کە کەمێک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد: فەرقناکات تۆ بۆ چی شتێک سەفەردەکەیت، هەمووی هەر لە دەوری ئەو چەقە غایبە کۆدەبێتەوە کە سەفەر خۆی شاهۆکاری ونی پشت هەموو هۆکارەکانە. بەپێی ئەو پەیوەندییەی مرۆڤ بە جیهانەوە هەیەتی، هەمیشە کوێرەچێژێک هەیە ژێرخانی شتەکان دادەڕێژێت و لەبیریشدەکرێت.

سەبارەت بەوەشی "خاریج" چیە و کوێیە، هەردووکی لە ڕەهەندی سێهەمدا تێهەڵکێشدەکەم و ئاراستەیەکی هایدگەرییانە بە پێناسەکە دەدەم. واتە ئەوەی کە

پرسیارەکە وا لێبکەین "خاریج کێیە؟". هایدگەر نەیدەپرسی کات چیە، بەڵکو دەیپرسی «کات کێیە؟». واتە کات هێند بە تانوپۆی ئۆنتۆلۆژیی مرۆڤدا ڕۆچووە جیاناکرێنەوە و ڕوویەکی کەمتازۆر مرۆیی وەردەگرێت. لەسەر هەمان ڕیتم، دەتوانین دیاردەی "خاریج" وەک جۆرێک لە کێیەتی و کەسێتی وەربگرین، چونکە هێند لکاون بە مرۆڤەکانەوە کە ڕووە شوێنەکییەکەی وندەبێت. خاریج هی مرۆڤەکانە و ئۆبێکتی ئارەزووی مرۆڤەکانە و مرۆڤەکانیش پێکەوە لەناو زماندا درووستیانکردووە. ئەوانیتر بە مانا هایدگەرییەکەی، پێشمەرجی هەبوونی خاریجن. لە وشەیەکی ئاسایی وەک "چاولێکەری"دا دەتوانین سنورەکانی درووستبوونی "خاریج" ببینینەوە. خاریج، لە کەشێکی مرۆیی-زمانەوانییدا دەبێتە خاریج. خاریج چەندە دەرەکی بێت وەک شوێن، کەچی لە هەناوی زمان/ئارەزووی مرۆڤەکاندا دەبێتە خاریج. گەر بپرسین خاریج کێیە، پێدەچێت وەڵامەکە هەر ئەمە بێت: بوونەوەرێکە، ئەویترە، لە زماندا درووستدەبێت و ئارەزووی شوێنێک دەبزوێنێت و لەژێر هەڵکشانوداکشانی پانتایی کۆمەڵایەتی و ڕەمزیدا گۆڕانی ڕێژەیی بەسەردا دێت. خاریج وەک فەرهەنگی زمان واتە دەرەوە، بەڵام **بەپێی زمانێکی هزریی نوێ، ئەو دەرەکێتییەیە کە دەکەوێتە ناوەوەوە، ناوەوەی پانتایی مرۆیی.**

**پرسیار:** چەند ساڵێک لەمەبەر لە پۆستێکی فەیسبوکدا بە ناونیشانی "گردەکە"- کە نوسینەکە لە زنجیرە نامیلکەی ئەلیکترۆنی "لە پووچییەوە بۆ بەرەنگاری" لە سایتی نێگەتیڤ بەردەستە- باستان لەوە کرد، ئۆپۆزیسیۆنی سیاسی و خودی شوێنناسییە جوگرافییەکەی هەمان ڕۆڵی "خانووە ڕەشەکە" لە چیرۆکە ناسراوەکەی پاتریشیا های سمیس دەگێڕێت، کە زۆرجار بۆ ڕوونکردنەوەی کارکرد و وەزیفەی فەنتازیا بەکاردەهێنرێت؛ واتە، ڕۆڵی جێگە و دیمەنێکی فەنتازی کە تێیدا ئارەزووەکان بەدیدێن، وەهمێک کە لەڕووی دەروونییەوە بۆ خەڵکەکە لە حەقیقەت گرنگترە. پرسیارەکەمان لەم ئاستەدا نیە، بەڵکو لەو سەرنجە واقیعییەیە کە لە نوسینەکورتەکەدا خستبووتانەڕوو (سەیر نییە هەر ئەوکاتیش ئەم بۆچونەتان کۆمەڵێک پەرچەکرداری لای هەندێک هاوڕێی فەیسبوکتان درووستکرد، بەهەمان شێوەی کارەکتەرە ناکام و بێ ئومێدکراوەکانی چیرۆکەکەی های سمیس!). سەرنجەکەتان  ئەوە بوو: "بەکورتییەکەی دەشێت گردەکەی گۆڕانیش شتێکی لەم جۆرە بێت. خەڵکێکی زۆر خەیاڵاتی خۆیانیان تێ فڕێ داوە. زۆرێک هەن و فەشەل و یەئسی خۆیانیان بەو گردەدا هەڵواسیوە. گردێکی تاریک و ڕەقوڕتەق، هەر لە خانووە تاریکەکەی سەرەوە دەچێت. گەر شتێکی زیادەی تیا بێت، هەندێ جرِوجانەوەرن کە ناویان ڕۆژنامەنوسی زمانشڕ  و ترسناکە. دڵم بەو ئینسانانە دەسوتێت کە ڕۆژێک وەهمەکانیان هەرەس دێنێت... ئاماژەکان لێرەوە دوور نین...". ئەم ڕستانەی  سەرەوە هی ساڵی ٢٠١٣ن، و دەمێکە هاتوونەتەدی .

ئاخۆ ئەو نائومێدییە سیاسییەی چەند ساڵێکە کون‌وقوژبنی ئەم هەرێمەی گرتۆتەوە، لە هەرەسی ئەم وەهمانەوە سەرچاوەی نەگرتووە؟ ئەی ئاخۆ لە دوای گردەکە چ خانوویەکی تری ڕەش جێگەی گرتەوە؟ و ئێستا هیچ دیاردەیەکی سیاسی هەیە هەمان ڕۆڵی ئومێدبڕاو بگێڕێت؟ سەرەنجامیش، چۆن مامەڵە لەگەڵ ئەم هەرەسە دەروونی و سیاسییەدا بکەین کە ئێستا یەخەی هەموو لایەکی گرتووە؟ چۆنیش ئەم نائومێدییە ببەینە ئاستی نائومێدییەکی ڕادیکاڵتر، کە هاوکات ئومێدێکی ڕیشەییشی لە هەناویدا هەڵگرتووە؟

**وەلید عومەر:** فەنتازیا پرسێکی نەستەکییە و کە شتێک لەدەستدەدەین، ناچار فەنتازیایەکی تر دروستدەبێتەوە. گەر فەنتازیا فێری ئارەزووکردنمان بکات و بژین، ئەوا مرۆڤ ناتوانێت لە ئارەزووکردن بوەستێت(لە کۆمەڵێک حاڵەتی تراومایی و نەخۆشانەدا نەبێت کە پێویستی بە چارەسەری ڕوونە). لە ئاستی کۆدا، کەوتنی فەنتازیا ڕۆڵی کەمێک جیاوازتری دەبێت. بۆنمونە، بەشێک لە خەڵک لەسەر هەمان قاڵب بۆ جێگرەوەیەکی تر دەگەڕێن، و بەشێکیشی ڕوو لە چیرۆکەکە وەردەگێڕن، بەڵام بەشێکیش هەن مووبەموو لەسەر چیرۆکی پێشوو دەڕۆن. وەستان لەسەر ئەمە، جێی سەرنجە. ئەو خەڵکەی لەسەر چیرۆکی پێشوو دەڕۆن، هێشتاش پێیانوایە ئەو ئۆبێکتەی ئەوان ئارەزوویانکردووە وەک خۆیەتی، بەڵام ڕەوشێکی ڕۆژانەیی و مێژوویی وایکردووە بە«لاڕێ»دا بچێت. ئەم بەزمە، هەمیشە بۆ کۆمەڵێک شوێنکەوتە هەر هەبووە. کە داعش ڕوودەدات، زۆر مسوڵمان دەڵێن ئەوە ئیسلامە ڕاستەقینەکە نیە، بەڵکو دۆخێک وایکردووە دین بە لاڕێدا بچێت. یان لقێکی سیاسی، بیانووی ئەوەی هەیە لقەکانی تر لە ڕێ دەرچوون. ئەمە بە مانا تیۆرییەکەی، دەستگرتنە بە ئۆبێکتە باڵاکەوە، بەو فەنتازیاوە کە ئارەزووی ئەوان ڕێکدەخات و بەئاسانی نایدەنەدەستەوە. تیرییتر بیڵێین، لێرەدا **ژویسێنس** جێی **ژویسانس** دەگرێتەوە. واتە مانا کورتدەبێتەوە بۆ چێژێکی کوێر کە تەنیا شوێنکەوتەکان خۆیان تێیدەگەن و بۆ خۆیان واتای هەیە. لە ژیانی ڕۆژانەشدا، بەردەوام ئەم حاڵەتانە دەبینین. ژن و مێردێک کە بە یەکتر دەڵێن تۆ لە من تێناگەیت، مەبەست تێگەیشتن نیە بەپێی ئەرگۆمێنت و ژیری، بەڵکو کێشە کەوتووەتە

فەنتازیاکەیانەوە بۆ یەکتر. هەرکەس دەستی بەو زێدەچێژە مانابەخشەوە گرتووە کە تەنیا بۆ خۆی مانای هەیە.

وەک وەڵامی کۆنکرێتی و سیاسی بۆ ئێستا، هیچ وەڵامێک شکنابەم. پێموایە ساتێکی فەرهەنگی هەیە گەرەکە دانی پیابنێین: ئەم ساتانە چەندەش تاریک بن، بەڵام دەتوانن لەو ڕووەوە ڕۆشن بن کە سەرقاڵی بەخۆداچوونەوە و خوێندنەوە و پاشەکشەی تیۆری بین. گەر لەسەر ئاستی کۆیش نەڕەخسا، وەک تاک کردەیەکی گرنگە. لەو شوێنانەی پێویستمان بە بەرەنگاری بێت و شتێکمان لەدەست بێت، بێدوودڵی دەبێت بیکەین. بەڵام وەک بەدیلی سیاسی، باشترە بایکۆتکار بیت وەک لەوەی ڕەوایەتی بدەیتە هەڵەیەکی دەمودەستی تر. پرۆژەی پێکەوەیی و کۆمەڵایەتی بایەخی خۆی هەیە، بەڵام هەڵەی پێکەوەییش باجی هەیە. کەمپینێکی وەک ڕێگرتن لە داخستنی نەخۆشخانەی هیوا، نرخێکی سیاسی و مرۆیی هەبوو، بەڵام ناچار نین یەکسەر شەرعییەت بە لایەنێکی سیاسیی تر بدەینەوە. بایکۆتێک لە ناوچەکەدا هەیە بەگشتی، بە هەڵبژاردنەکانی ئێرانییشەوە ڕوون دیار بوو، ئاخۆ دەرەنجام بە کوێ و چی دەگات چاوەڕوانیی دەوێت.

**پرسیار**: لەم ماوەیەی ڕابردوودا پێنج نامیلکەی فیکرییتان بڵاوکردەوە، و بڕیار وایە درێژەشیان هەبێت. لەم گفتوگۆ گشتییەدا، کە زیاتر دەربارەی کۆمەڵێک پرسی هەنوکەیی کۆمەڵگای کوردییە، ناتوانین بپەرژێینە سەر ئەرگۆمێنتە زۆروبەندەکانیان، بەڵام با دەربارەی چەمکە هەرە زەقەکەی ناونیشانەکان بپرسین: چەمکی "کێشە". لە زەینی باو و عەقڵی سەلیمدا، مامەڵەیەکی "ناکێشەدار" لەگەڵ پرسەکاندا دەکرێت، واتە هێشتا دیاردەکان وەک کێشە وەرناگیرێن، وەک مەتریاڵێکی نا- چەمکی باسدەکرێن، بەڵام ئێوە هەر کام لەو چەمک و دیاردانە دەبەستنەوە بە چەمکی "کێشە"وە؛ لەکاتێکدا عەقڵی سەلیم هەوڵی "لەکێشەخستن"ی کێشەکان دەدات، ئەم نامیلکانە وەک کێشە دەرگیریان بوون- بەکێشەکردن و پرۆبلەماتیزەکردن. وەک ئاگاداربووم سەرەتا دەتانویست چەمکی "جیهان" بکەنە تەوەرەی ناونیشانەکان: ژۆنالیزم و جیهانەکەمان، تەکنۆلۆژیا و جیهانەکەمان و هتد. بەڵام سەرەنجام "کێشە"تان هەڵبژارد کە بەزیمنی مانای کێشە لە جیهاندا یان بەکێشەکردنی دیاردەکان لە ژینجیهانێکی دیاریکراودا دەگەیەنێت. ژیژەک لە شوێنێکدا دەڵێت: "بیرکردنەوە بریتی نییە لە چارەسەرکردنی کێشەکان. یەکەم هەنگاوی بیرکردنەوە ئەوەیە پرسیاری لەم جۆرە بخرێتەڕوو: "ئاخۆ هەر بەڕاست ئەمە کێشەیە؟ " "ئایا ئەم شێوازەی داڕشتنی کێشەکە درووستە؟" "ئاخۆ چۆنچۆنی گەیشتین ئا بەم خاڵە؟" ئەمە ئەو توانستەیە کە لە بیرکردنەوەدا پێویستمان پێیەتی". لێرەوە، دەپرسین بۆچی لە فەزای زاڵی ڕۆشنبیریی کوردیدا ڕووداو و دیاردە و چەمکەکان نابنە کێشە و پرۆبلەماتیزەناکرێن؟ ئەی ئاخۆ "کێشەی کێشە" چییە؟

**وەلید عومەر:** لە کەلتورگەلی وەک خۆماندا، هەمیشە پەلەی وەڵام هەیە. ئەمە لە ژیانی ڕۆژانەماندا ڕەنگیداوەتەوە و گەر کێشەیەک بورووژێنرێت، یەکسەر دەڵێن ئەی حەل چیە؟ ئەمە دەریدەخات، کێشە وەک کێشە لای ئێمە لەدایکنەبووە. کێشە بۆ ئێمە جگە لە خەفەبوونی کاتیی حەل و وەڵام هیچی تر نیە. هەندێ کێشە بەشەکی هەیە، پێویستیان بە حەل و وەڵامی خێرا هەیە. بەڵام ئەو کێشەیەی وەک چەمک هەیە،

هەرگیز ناگاتە دواوەڵامی بنجبڕی خۆی. کێشە بەم مانایە، ژێرخانی بەردەوامی هەموو وەڵامەکانە. واتە کێشە بنەبانی ئۆنتۆلۆژی و ئەپستمۆلۆژیی مرۆییمانە و بەردەوام دێتەوە ڕێمان. لێرەدا دەمەوێت کەمێک لە بارە نەرێنییەکەی وشەی **کێشە** داشکێنم، چونکە کێشە بەم مانایە ڕوویەکی زیندوو و ئەرێنییشی هەیە. کێشە(problem) واتە دروستبوونی خودئاگایی بەرامبەر بە پرس(question)ێک. ژیانی مرۆڤ، پڕە لە پرس، ئەم پرسانەش لقیان لێ دەبێتەوە. بۆیە کێشە، واتە دۆزینەوەی نێوان پرسەکان و دیاریکردنی ساتی قەیرانەکەیان و پاشان حەلکردنی ڕێژەیەک لێیان تا کۆمەڵگا تووشی لانیکەمی زیان و تێکچوون ببێت. کەسی بیرکەرەوە کێشە وەک «موشکیلەیەکی شووم» وەرناگرێت، بەڵکو زۆرجار وەک داهێنان و یانسیبێکی تیۆریش ئامێزیان بۆ دەکاتەوە. کێشە هەروا بەئاسانی گیرخواردن و بنبەست نیە، بەڵکو ئاوەڵابوونێکی زەینی و هزرییشە بۆ ئەوەی بچێتە ناو ڕەهەندی هەندێک لە پرسەکانەوە کە لە ژیانی ڕۆژانەدا نابینرێن یان پێویستناکات ببینرێن. بەشێک لەوەی بۆ خەڵک دەبێت بە کەلتور و نەریت، بۆ نوسەرێک دەبێتە کێشە. کێشە بەم مانایە، جیایە لە «کێشە»ـی کۆنکرێتیی ئاو و کارەباش. بەڵکو، سەرتر دەڕوات و مەبەست لە تێگەیەکی زەینییە کە لەوەش دەکۆڵێتەوە بۆچی هەندێ لەو «کێشانە» بەردەوام دەبنەوە بە کێشە(وشەکەم خستووەتە کەوانەوە، چونکە ئەوەی ناو کەوانەکە وەک پێویست کێشە نیە).

**پرسیار:** ئەگەر ئالان بادیۆ، بە ڕەچاوکردنی فەزا چێژگەرا و بێڕیسکەکەی ئەورووپای هاوچەرخ، سەرزەمینی ئەو شتەی نیچە پێی‌دەوت: دوایین مرۆڤ، کتێبێک بنوسێت "لەستایشی عەشق"دا، ئەی ئاخۆ ئێمە بەڕەچاوکردنی کۆمەڵگای کوردی دەتوانین چی دەربارەی عەشق بڵێین؟ ئەمەش لەکاتێکدا، ئەگەر سوپەرئیگۆی خۆرئاوایی لەسەر فەرمانی "چێژ وەربگرە!" ڕۆنرابێت، ئەوا سوپەرئیگۆی کوردی لە زۆر دیوەوە، لانیکەم لە دیوە ڕەسمییە ئاشکراکەیدا، هێشتا هەر سوپەرئیگۆ نەریتییەکەیە: "چێژ وەرمەگرە!" (ئەمە و ئەگەر باس لە قڵیش و ڕەپتەکانی نێوان گلۆباڵ و لۆکاڵ، و دەرکەوتە تایبەتەکانی چێژگەرایی لای خۆمان نەکەین...). لە لایەکی ترەوە، چۆن لەو مانا خەسێنەر، نیمچەعیرفانی، و نیمچەڕۆمانسی و کۆنەپارێزانە تێبگەین و دەربازبین کە لکێنراون بە عەشقەوە؟ لە لایەکی تریشەوە، زۆرێک لە گەنجانی ئێستا وێڕای ئەوەی پەیوندیی عاشقانەیان هەیە، بەڵام بەئاشکرا و نهێنی گاڵتە بە ئایدیای عەشق خۆی دەکەن، ئاخۆ ئەمە درزێکی چۆنایەتییە؟ یان هەمان پێچە نەریتییەکە لە کەوڵێکی تردا؟ ئایا لە کۆمەڵگایەکدا کە "کەپتی جنسی" هەمەگیر بێت، چۆن لەبنەڕەتدا "عەشق" دەڕەخسێت و چۆن عەشقێکیش؟ ئاخۆ بۆ ڕزگارکردنی عەشق لە مانا دێرینە خنکێنەرەکانیدا، دەبێت چۆن دووبارە "دابهێنرێتەوە"؟ ئاخۆ بەر لەوەی بتوانین "ستایشی عەشق" بکەین لای مە نابێت "ستایشی بەئۆبێکتبوون" بکەین، بەو مانایەی پێشتر لە چەند جێیەکدا بەکارتانهێناوە؟ ئەوە چۆنە لای تاکی کورد لە لایەکەوە عەشق ئایدیاڵیزە دەکرێت و لە لایەکی دیکەشەوە ترۆدەکرێت؟ بەو تەوسەوە ئەوە چۆنە تا ئێستاش لای مە ئایدیاڵی عەشق، عەشقێکی بێویساڵە؟ لارۆشفۆکۆ، کە بەوە ناسراوە وتەی تۆکمە و وردی لەبارەی زۆر شت خستۆتەڕوو، دەربارەی عەشق وتویێتی: «لەوانەیە کەسانێک هەرگیز نەکەونە ناو خۆشەویستیەوە، ئەگەر گوێیان لە هیچ کەسێک نەبێت باسی عەشقیان بۆ بکات». ئاخۆ ئەم دیدە بەنیسبەت خۆشمان ڕاستناکەوێتەوە، بەو مانایەی: ئوستورە پێشفرۆیدییەکان دەربارەی خۆشەویستی وەک "عەشقی یەکەم!" و هتد، بەم جۆرە برەویان نەدەبوو، ئەگەر لە فەزا ڕەمزییە کوردییەکەدا هەڵنەکۆڵرابان، و لە گۆرانی و ئەدەبیاتی بازاڕییشدا کاوێژ نەکرابانەوە؟ ئەمە و گەرچی عەشق "دۆخێکی نائاسایی نەبڕاوە"یە و هەردەم تراوما و زبری و زەبری خۆی هەر دەمێنێت.

**وەلید عومەر:** پرسیارەکە، کۆمەڵێک تیراسای هەستیاری لەخۆیدا کۆکردووەتەوە کە زەحمەتە وەڵامێکی هاوبەشی پێ بدرێتەوە. نازانم لارۆشفۆکۆ لە چ سیاقدا ئەوەی وتووە، بەڵام بە قسەیەکی ورد ناگاتە گوێمان. چونکە عەشق پەیوەندییەکی ئەوتۆی بە گێڕانەوە و گوێگرتنەوە نیە، بەڵکو ئەکسیۆم(پرەنسیپێکی بەڵگەنەویست)ـە و بەر لە گێڕانەوە و گوێگرتن هەیە. فرۆید توانجی ئەوەی دەگرتە فەیلەسوفە یۆنانییە کۆنەکان کە هەرکەس دەهات و توخمێکی وەک ئاگر یان هەوا یان خۆڵی دەکردە بنەمای بوون و جیهان. بەڵام ئەو دێت و «عەشق و برسێتی» وەک بنەمای بەڵگەنەویست وەردەگرێت کە ژێرخانی ژیانی مرۆڤ دادەڕێژێت. عەشق شتێکی ترانسێندێتاڵە لێرەدا، واتە ڕووداوێکی ئەزموونی و ئیمپریکی نیە، بەڵکو بڵندنشین و ڕاگرە. گۆڕان بەسەر ناواخنەکەیدا دێت، بەس خۆی وەک بونیاد لەناوناچێت. عەشق واتە **ئەویتر** هەیە، بۆیە هەمیشە وەک ڕاستییەک دەمێنێتەوە. **ئەویتر،** شتێک نیە بیگەینێ، ویساڵ و گەیشتن هەمیشە شتێکی فەنتازییە، جۆرێکە لە کۆکبوونی خەیاڵی. گەرنا مرۆڤ بە خۆیشی ناگات، چ بگات بە **ئەویتر.** کە ئەویتر بە فۆنتی **تۆخ** دەنوسین، هەموو دەلالەتە هزرییەکانی **ئەویتری** لەخۆیدا هەڵگرتووە. ڕاستییەکە، سادە و ماتریاڵییە: کاتێک دەگەیت بە ئەویتر، دەگەیت بە چی؟ وەڵامی عامییانە ئەوەیە ماڵێکی هاوبەش درووستدەکەیت، یان بگرە درووستیشی ناکەیت. ئەمە کۆی وەڵامە تیۆرییەکە نیە. ئێمە لە هیچ پرۆسە و پەیوەندییەکی ژیانماندا ناگەین بەویتر، ئەویتر سەرەتا کوتلەیەکی مادی و فیزیکییە، خەرمانەیەک مانا و ڕەمزی لەدەور ئاڵاوە، شوێنێکی کۆمەڵایەتیی هەیە و لە ڕێکەوتێکدا دەبێتە بابەتی ئارەزوومان. بەڵام ئێمە هەمیشە مامەڵە بەو شتانەوە دەکەین کە **ئەویتر**

درووستدەکەن. لێرەوەیە، ویساڵ لەهەناوی خۆدا نەفییەکی هەڵگرتووە کە زۆرجار لەناوچوونی ئەویترە.

سەبارەت بە فەزای ڕەمزیی خۆمان، ئەم تیزپێکردن و بەگاڵتەوەرگرتنە، لەخۆڕا نیە. واتێدەگەم، تەواوکەری دژەکەی خۆیەتی: بەئایدیاڵکردنەکە و گاڵتەپێکردنەکە، یەک وێنە کاملدەکەن. کاتێک ناتوانین وەڵامێکی ماتریاڵی و مێژوویی و تەندرووستی بەئایدیاڵکردنەکە بدەینەوە، ئیدی گاڵتە بە ئایدیاڵەکە خۆی دەستپێدەکات. بۆ ئەوەی ئایدیاڵێکی بەرز، لە تەمومژ و خورافاتی زیادە پاککرێتەوە، پێویستی بە ڕێژەیەک لە عەقڵانییەتە. بەڵام کە ئەو ڕێژەیەت نەبوو، ئیتر پەرچەکرداری سەگباوەڕانە درووستدەبێت. عەشق خۆی گرنگە، هەمیشە ڕێژەیەک لە بەئایدیاڵکردنیشی تیایە، بەڵام باسەکە لەسەر فڕێدانی ئەو دیوە نەرێنییانەیە کە چەوسانەوە درووستدەکات. بەشێک لە بەگەپکردنی عەشق، ڕەوایەتییشی هەیە، بەتایبەت لەو ڕووەوە کە دیاردەکە بەر سەردەم کەوتووە و تووشی تەقینەوەی چەمکایەتی هاتووە. واتە ئەوە تەنیا کۆمەڵێک خەڵک نیە بەتەنیا بە عەشقی کلاسیک دەخەنێتەوە، بەڵکو بەرکەوتنی فۆرم و ناوەڕۆکە و لەڕێی مرۆڤەکانەوە دەدوێت. کاتێک واقیعەکەت ئەو ستایشە شیعرییە هەڵناگرێت، ئیدی بەشێکی وزەکە لە گەپوگاڵتە بە عەشقدا خەرجدەبێت. کاتێکیش پۆڕنۆ و زوهدی کەلتوری یەکتردەبڕن، ئیدی بەشێکی هەمیشان بە گەپجاڕی دەکەوێتەوە.

**پرسیار: موراد فەرهادپوور تێزێکی ناسراوی هەیە: "وەرگێڕان بە مانای فراوانی وشەکە تاکە فۆرمی بیرکردنەوەیە بۆ ئێمە"، ئەم تێزەیەشی ناوناوە "بیرکردنەوە/وەرگێڕان" ( وتارەکە لە کتێبی "فیکر و سەرکێشییەکانی"دا بڵاوبۆتەوە و خوێنەر دەتوانێت بۆی بگەڕێتەوە). ئەو وەرگێڕان دەبەستێتەوە بە "دۆخ" (وضعیت)ەوە، کە ئەمیش بریتییە لە دۆخی شلۆقی کۆمەڵگاکەی لە مۆدێرنەدا. دواتر فەرهادپوور کۆمەڵێک پیاچوونەوەی بەم تێزەدا کرد، و لەبەرەنجامی برەوی وەرگێڕانە هەڵە و ناڕوونەکاندا، لە چاوپێکەوتنێکدا وتی: "ئەگەر وەرگێڕان و بیرکردنەوە پێکەوە گرێ بدەین و باوەڕمان وابێت کە بیرکردنەوە واتە وەرگێڕان، ئەوا ئەوکاتە بیرنەکردنەوەش لەگەڵ کردەی وەرگێڕاندا گیردەبێت. ئێمە هەندێ جۆری وەرگێڕانمان هەیە کە نیشانەی بیرنەکردنەوە و نەڕەخسان و نامومکینبوونی بیرکردنەوەن". چۆن لەم تێزەیە و پیاچوونەوەکەشی دەڕوانن؟ و لە پەیوەند بە ڕەوتی وەرگێڕان لە کوردستانیشدا چۆنچۆنی شرۆڤەی دەکەن؟ ئاخۆ دەکرێت بڵێین لای ئێمە ئەوەی زاڵە بیرکردنەوە/وەرگێڕان نییە بەڵکو بیرنەکردنەوە/وەرگێڕانە؟**

**وەلید عومەر**: ڕەنگە ئەزموونی ئێمەومانان زۆر لەوە هەژارتر و کورتتر بێت بتوانین وەڵامی یەکلاکەرەوەمان هەبێت، بەڵام ڕەنگە بتوانم جێکەوتی زەینی و سەرەتایی خۆم بەو جۆرەی تێدەگەم بخەمەڕوو. ئەوەی فەرهادپوور بێگومان باسێکی ورد و گرنگە، بەڵام وەک خۆیشتان دەزانن مەبەستی ئەو لەقووڵاییی زاراوەی "وەرگێڕان"ـە تا دواتر دەگاتەوە بە وەرگێڕانی دەق. ئەو کە دەڵێت هەرچییش بنوسین وەرگێڕانە، مەبەستی لە بەرکەوتنی کۆمەڵگا خۆرهەڵاتییەکانە بە مۆدێرنەی خۆرئاوایی و ناچارین لەڕێگەی فیکری ئەوانەوە بەجۆرێک لە خۆمان تێبگەین. واتە وەرگێڕان سەرەتا کردەیەکی گەردوونی و بەکۆمەڵ و مێژووییە، و پاشان ڕۆڵی بکەرە جیاجیاکانی تیا دەردەکەوێت وەک نوسەر و وەرگێڕ و هەر سوبێکتێکی کەلتوریی تریش. چەندجار وەڵامی ئەو تێزەی فەرهادپوور دراوەتەوە، بەڵام بەدەگمەن ویستوویانە لە کرۆکی تێزەکە نزیکبنەوە. هەر

تێزیک کرۆکی خۆی هەیە، زۆرجار دەیخوێنیتەوە و حوکمی لەسەر دەدەیت و چەندبارە دەچیتەوە سەری، بەڵام هێشتا بەر کرۆکەکە نەکەوتوویت. ئەمە بۆ هەر بیرمەندێک ڕاستە، چونکە هەرکەس قسەیەکی هەیە لە بنەوە دەگوزەرێت و ناچارین ناوی بنێین کرۆک، و کرۆکیش شۆرت و شۆکی خۆی هەیە و لە کرۆکی شتێکی تر ناچێت. بەم پێیە، تێزی وەرگێڕان-بیرکردنەوە، بانگەشەیە بۆ ناسینی لۆکاڵ(دۆخ) لەڕێگەی مێژووی گلۆباڵەوە. مۆدێرنە کە ڕووداوێکی خۆرهەڵاتی نیە، چۆن وەرگێڕدرێتە سەر دۆخێکی خۆرهەڵاتییانە؟ هەرچۆن وەریگێڕین، هێشتا تەرجومەیە و مۆرکی ناوخۆیی پێوەیە. بەڵام بیرماننەچێت، لێرەدا گشت(کل)ێک بۆ سەر گشت(کل)ێکی تر وەرناگێرین، بەڵکو گشت بۆ سەر جزء(بەش) وەردەگێڕین. واتە جیهانی مۆدێرن، وەردەگێڕینە سەر بەش-لۆکاڵێک. ئەم وەرگێڕانەش، لەنێو پانتایی ڕۆشنبیریدا چۆن دەکەوێتەوە؟ ئەمە ئەو پرسیارەیە زیمنییەیە کە فەرهادپوور دەیەوێت بیکات. وەرگێڕان کۆپی نیە، هاوتای دوو زمان و دوو سیاق نیە، بەڵکو دۆزینەوەی هەڤدژییە مێژوویەکانێتی. وەرگێڕان واتە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ **ئەویتر. ئەویتر**یش، هەمیشە لە ئاستی بەشدا بەدەستدێت، وەک کۆ یەکسان نابێتەوە بە ئێمە. تێگەیشتن لە **ئەویتر،** پرۆسەیەکی زمانی نیە بەتەنیا، بەڵکو فامسەنتەر و کەلتوری و هێرمیونۆتیکییشە. **ئەویتری** خۆرئاوایی کە بیریکردووەتەوە، چۆن بیناسین؟ چۆن فیگەرە خۆرهەڵاتییەکان، بەر لە هەرشت، بۆخۆمان وەرگێڕین؟ واتە نوێیانبکەینەوە و لە سیاقێکی مۆدێرندا بەرهەمیان بێنینەوە؟ حافز یان وایدانێ مەحوی کە دیاردەی مێژوویی بوون، چۆن هەمدیس لە مێژوودا وەریانگێڕینەوە و بیانهێنینەوە و تێیانبگەین و ئەو دیوە نامێژوویەیان لێ

هەڵپاچین کە وەرناگێڕدرێن(بە مانا فراوانەکەی)؟ ئەو ناکۆکی و هەڤدژییانەی لەنێوان ئێمە و **ئەویتر**دا درووستدەبێت، سەمپتۆم و نیشانەی وەرگێڕانە. وەرگێڕانێکمان نیە، سەمپتۆمی خۆی نەبێت. ئەمانە و زۆر پرسیاری تریش لەپشت نوسینەکەی فەرهادپوورەوە هەن. بمانەوێت و نەمانەوێت، بیرمەندە خۆرئاواییەکان و چەمکە مۆدێرنەکان سەر بە **ئەویترە**، بۆیە چۆن لۆکاڵیان پێ دەخوێنینەوە و لەکوێشدا تووشی ناکۆکییمان دەکەن پرسێکە ڕووبەڕووماندەبێتەوە.

لەوێشەوە کە پەیوەندیی بە وەرگێڕانی دەقەوە هەبێت، دیسان دەق یەکێکە لە بەرهەمەکانی ناو مێژووی **ئەویتر**. مەرج نیە بەرهەمێکت وەرگێڕا، ئیدی بیردەکەیتەوە. ئەو دەقە خۆی بەرهەمی زنجیرەیەک یان تۆڕێک لە دەقی ترە. لەخۆڕا نیە وشەی تێکست، کە هەڵدەکشێت دەبێتە کۆنتێکست(سیاق). هەر تێکستێک، زادەی کۆنتێکستێکە. کە لەو کۆنتێکستەی دادەبڕیت، ئیدی پرۆسەی تەرجومە دەستپێدەکات. دەقێک دێنیت، بەڵام بەرپرسیت لەوەی چی دەخاتەوە. دەق بەتەواوی کۆنترۆڵناکرێت و نازانیت چی دەخاتەوە، بەڵام تا ئەو جێیەی وەک سوبێکتێکی ئاگامەندانە ڕەفتاری لەگەڵ دەکەیت، بەرپرسیت. کاتێک هەروا ئاسان دەڵێیت وەرگێڕان بیرکردنەوە درووستدەکات، بێگومان بەدحاڵیبوون و ورووژان دەخاتەوە، بۆیە ئاشکرایە هیچ وەرگێڕانێک بەتەنیا و خۆبەخۆ بیرکردنەوە درووستناکات. **بیرکردنەوە** خۆی تێگەیەکی زۆر گشتی و تەمومژاوییە و بەپێی دەقەکەی فەرهادپووریش گەر نەبەسترێت بە *دۆخ*ەوە، نازانین چیە. هەر لە ئاستی تەکنیکییەوە بۆ ئاستی کەلتوری، وەرگێڕان پێویستی بە جۆرە سوبێکتێکی تایبەتە کە مەرجی خۆی هەیە و مەرجەکانیش هەمیشە پێشین و

پێشوەخت ناسراو نین، بەڵکو پاشین و نێوئەزموونیین و لە پرۆسەکەدا دەردەکەوێت چی و چین. مادام سوبێکت خۆی لە گۆڕاندایە، سوبێکتی وەرگێڕیش بەتایبەت لە گۆڕاندایە. بەڵام گەر ناچار بین مەرجەکان بیرخەینەوە، ئەوا بەر لە هەموو شت جۆرێک لە خودئاگایی کۆنکرێتییە نەک سەلیقە و بازدان. واتە خۆبەستنەوەیە بە ئاسۆیەکی تیۆرییەوە کە کەمتازۆر لە ڕۆڵە مێژووییەکەی تێدەگەیت و تێیدا دەژیت. ئەمەش شتێکە کەم کەس تێیدا بەردەوام دەبن، بەتایبەت لە کەلتورێکدا کە پشوودرێژیی ئەوەی نیە تێبگات ناوێک لەکۆدا دەیەوێت چی بڵێت. لە باری تەکنیکییترەوە، وەرگێڕان پێویستی بە فێربوونی بەردەوامی زمانی **خۆ** و **ئەویترە**، پێویستی بە دەرگیربوون و دەستەویەخەبوونەوەیەکی هەمەلایەنەیە لەگەڵ دەقدا، پێویستی بە خاکەڕاییشە **چونکە سەرەنجام ئەوە ئێمە نین زمان بەکاردێنین بەڵکو ئەوە زمانە لەڕێی ئێمەوە دەدوێت.** جار هەیە سەلیقەی تاکەکەسی، ستایلی کەسێک لەویتر جیادەکاتەوە، بەڵام سەرەنجام هەر وەرگێڕانە و دەقەکان دەچنە نێو پانتاییەکی گەورەترەوە.

**پرسیار: پەتیگەرایی، خواست بۆ پەتیکردنی زمان و تێڕوانینی ساویلکانە دەرهەق بە زمان و کوردیزانین دیسانەوە هاتۆتەگۆڕێ. سەیر نییە هەندێجار لەسەر بەرگی کتێبەکانیش لەبری "وەرگێڕان" دەنوسرێت "بەکوردیکردن یان کوردان‌دن". وەک وەرگێڕێکی فیکری و فەلسەفی چۆن لەم پەتیگەرایی و لەزمانخستنە دەڕوانن؟ ئایا جیاوازیی نێوان کوردیزانین و پەتیگەرایی چیە؟ پێتان وانییە ئەم بانگەشەیە زۆرجار تێنەگەیشتنە لە گەشەی زمان و فیکری مرۆییش؟ لەلایەکی دیکەشەوە، ئەم بانگەشانە بۆ کەسانێک بووەتە پارووەنانێکی چەور، و تێیدا بێئاگایی و عەقڵیەتی سەر بە کۆمۆنسێنس و کۆنەپارێزییە هەمەلایەنەکەی خۆیان لەژێر ناوی کوردیزانیندا دەشارنەوە؟**

**ئەگەر نمونەیەکی کۆنکرێتی بهێنمەوە: بەختیار عەلی. دیارە، هەر کەسێک خۆی گێل نەکات دەزانێت ئەم نوسەرە چ خزمەتێکی حاشاهەڵنەگری بە زمان و زەینی کوردی کردووە- و بێگومان وەک هەر نوسەرێکی تر گرفتی زمان و ڕێنوسیشی هەیە- بەڵام خاڵە سەیروسەمەرەکە ئەوەیە کۆمەڵێک لە هاونەوە و نەوەی دوای ویش، سەنگەری شەڕە دۆڕاو و بوغزاوییەکەیان گواستەوە بۆ ئەوەی گوایە "بەختیار عەلی کوردی نازانێت"، یەکێک لە هۆکارەکانی ئەم تۆمەتبارکردنەش ئەوەیە: خۆیان نەیانتوانیوە و ناشتوانن بەرهەمی ئەدەبی و فیکری وەک بەختیار بنوسن. پرسیارەکە ئەوەیە: ئەوە چۆنە ئەو کەسانە بۆ ئەم کارەیان پەنایان بردە بەر ئوستورەی زمانی پەتی و کوردی زانینی پەتیگەرانە و هتد؟ ئاخۆ ئەم نمونەیە سەرەوە دەرخەری دیوە پاتۆلۆژیک و بێئاگا و کۆنەپارێزەکەی ئەم ڕەوتە نیە؟**

**وەلید عومەر:** ئەم باسە پێویستی بە توێژینەوەی هەمەلایەنەی مێژوویی و دەروونی و هتدە، بەڵام لێرەدا دەتوانین کۆمەڵێک تێبینیی سەرەتایی تۆماربکەین کە ئاماژەیان بۆ ناکرێت. ئاشکرایە زمانی کوردی، زمانێکە خاوەنی ماتەوزەیەکی دەوڵەمەندە بۆ کارکردن، بەڵام ڕەنگە وەک پێوست نەکرابێتە جووڵەوزە. ئەمەش ئاساییە و لە ڕەوتی مێژوودا، خۆی دەخاتەگەڕ. پێموایە هەمووکەس زمانی کوردیی خۆشدەوێت، چونکە پەیوەندیی بەوەوە نیە ڕای تاکەکەسیی تۆ چۆنە، بەڵکو بەپێی تیۆرە لاکانییەکە ئێمە لەڕێی زمانی کوردییەوە فێری ئارەزووکردنیش بووین. ئێمە کە دایک لەدەستدەدەین لە منداڵییدا، زمانمان پێ دەدرێت وەک قەرەبوو. بۆیە زمانی دایک، تەنیا میتافۆر نیە، بەڵکو ڕاستییەکی حەرفیشە. ئێمە لەناو زمانەکەماندا، باری دەروونی و جوانیناسانە و وجودییش وەردەگرین، بۆیە لێرەوە بیانوو نامێنێتەوە بۆ ئەوەی کەسێک لە کەسێکی تر زیاتر زمانی کوردیی خۆشبوێت. کوردی، پەیوەندییەکی نەستەکی دروستدەکات بە ئێمەوە نەک ئەوەی خۆمان هەروا سادە هەڵیبژێرین. بەڵام وەک ئێوەش وتتان، زمان هۆشیاریی کۆمەڵایەتییش دروستدەکات و ئەو ڕووبەرەش دەچنێت کە ناوی

کۆمۆنسێنس(عەقڵی باو)ـە. لەناو یەک زماندا، دەکرێت مرۆیەکی ساویلکە و بیرمەندێکیش حزووریان هەبێت. یان هەر ئەم زمانە لە جێیەکدا بۆ پێناسەیەکی بەرتەنگ بەکاربێت و لە جێیەکی تریشدا بیریارێک شوێنی ئەزموونەکراو و نامۆی تیا بدۆزێتەوە. بەس ئاخۆ کوردیزان کێیە و پەتیگەر چیە؟

کوردیزانین ئەوە نیە بچیت وشەی زۆری کوردی لەبەربکەیت، چونکە ئەمە هەمووکەس دەیتوانێت و هیچ داهێنانێکی تیا نیە و کەسیش لە قاموس زیرەکتر نیە. ئەوەشی دەیەها ساڵ وەک کوردیزانین خراوەتەڕوو، لەمە تێپەڕی نەکردووە(گەر تاکوتەرایەکی لێ دەرچێت کە تێیدا ژیاون). باسی بەختیار عەلیتان کرد، بیرمدێت جارێک لە ستونێکدا نوسیبووی کوردیزانین ئەوە نیە مورادیفەکانی پشقل بزانیت، بەڵکو فراوانکردنەوەی توانستە ناوەکییەکانی زمانی کوردییە. ئەمڕۆ شتەکان ئاسانترن لە جاران، دەتوانیت فەرهەنگێکی ئۆنلاین(سەرهێڵ) یان کاغەز بکەیتەوە و بە ئارەزووی خۆت جێگۆڕکێ بە وشە بکەیت. ئەمە سەرەتاییترین ئاستی کوردیزانینە و هەمووکەس دەیتوانێت. زۆرجاریش وەرگێڕان هەیە بە قاموس وشەیەکی لەم شێوەزار و لەو شێوەزاری ترەوە بۆ هێنراوە و ناونراوە کوردیزانین. نکۆڵی لەوە ناکەم کە هەمەڕەنگی لە بژاردە و بەکارهێناندا هەبێت، بەڵام ئەمانە ئاسانترین شتن کەسێک بیەوێت بیکات. بەڵام کردنەکەشی، هونەری دەوێت، ئەگینا دەق دەکاتە ڕووبەرێکی پینەپینە و پڕگرێوگۆڵ و تێناگەیت باسی چی دەکات. هەر پشتبەستن بە دەروونشیکاری، دەتوانین ناویبنێین گڕوگاڵی بەسەرچوو. لەناو زماندا، وشە بەرهەمی ماتریاڵیی سەردەمێکە و لەگەڵ بەسەرچوونی دیاردەکەدا، ئەویش ئیدی وێنە درووستناکاتەوە. وێڕای ئەمەش، دەتوانین بچین وشەیەکی نێو ڕابردوو یان شێوەزارێک بێنین و کەڵکی لێ وەربگرین و

بۆشاییەکمان بۆ پڕبکاتەوە. بەڵام هەموو ئەمانە پێویستی بە ڕۆشنبیرییەکی تایبەتە نەک سەلیقەی تایبەت.

وەک پەتیگەری‌یش، بێگومان ڕیشەکە شاراوەترە. زۆرجاریش ئەوانە داکۆکییان لێ کردووە کە دوورن لە فیکر و فەلسەفەوە. گەر کەسێکیش بە مەبەستێکی فیکری، ستراتیژێکی وای گرتبێتەبەر، خەوشی لە کارەکەی خۆیدا درووستکردووە. بەهەرحاڵ، پێم خۆشە لە ڕیشە دەرە-زمانییەکانی پەتیگەری وردببمەوە. وشەی پەتی، لە فیکری خۆرئاوادا مانای قووڵتر و ئاڵۆزتری پێ دراوە، بەڵام لێرەدا هێشتا گوزارشتە لە ڕووبەرێکی ساف و بێ‌خەوش و زۆرجاریش منالآنە. مناڵ و کەسی میتافیزیکی لەوەدا یەکدەگرنەوە، کە هەردووک چاویان لە پانتاییەکی ساف و خەیاڵی و یەکانگیرە. هەرکات ئەم پەتێتی و یەکانگیرییە لەدەستبچێت، ئیتر تووشی خەسان دێن. بۆیە پەنابردن بۆ پەتیگەری، پەنابردنێکی نەستەکییانەیە بۆ باوەشە ساف و بێخەوشەکەی دایک کە تەنیا لە مناڵییدا بەو شێوەیە ئەزموونیدەکەین. ئالێرەوەیە لە گەورەییشدا هەر شتێک ڕووبەرە ساف و پەتییەکە تێکبدات، ئیتر تووشی ترس و دڵسکان دەبین. زمان یەکێکە لەو شتانە. شەرەفپەرستی و پاکیزەییش بەجۆرێک دەچنەوە سەر ئەم پەتیبوونە. جا لە ڕووی زمانەوە، پەتیگەری بەو واتا ڕەهاکەی، ترسە لە ڕووشان و خەسان. بە مانایەکی تر، ترسە لە وشەی نامۆی تر، ترسە لە ئەویتر، ترسە لە جیهان، ترسە لە نیشتەجێبوون لە جیهاندا. پەتیگەری، واتە من هەر خۆمم، با خۆم بم، خۆم و بەس. بەڵام ئەمڕۆ گەیشتووین بەوەی کە مرۆڤە ئۆتیستەکانیش بەڕەهایی خۆیان نین، ئەوانیش جۆرە سەرەتاتکێیەکیان بۆ نێو زمانی ئەویتر هەیە. کۆمیدیاکە لەوێدایە هەمووجار کە بە

وشەیەک دەوترێت کوردیی پەتی، دەردەکەوێت ڕیشەیەکی تورکی یان مەغۆلی یان پەهلەوی و چی و چیی هەیە. جارێکیشیان شاعیرێک قەڵەمی خۆی سوورڕدابوو شیعرێک بە کوردیی پەتی بنوسێت، بەڵام دواتر دەرخرا نیوەی زیاتری کوردی نیە. ئەمە دیوە تراژیکۆمیدییەکەیە و دەمەوێت شتێکی تر بڵێم.

زمان، سامانێکی هاوبەشە، بەڵام هەر ئەم هاوبەشییەیە وادەکات هەرکەس ڕووبەری خۆیشی تیا درووستبکات. بەتیابەت ستایل و سەلیقەی هەر نوسەر و وەرگێڕێک جیایە و چارەنووسی زاتیی هەیە بۆی. لەنێو زمان و دەربڕینێکدا ژیاوە کە پڕاوپڕ بۆ ئەو خۆی مانای هەیە نەک کەسی تر. واتە ئەو زمانەی بۆ خۆتی دروستدەکەیت، ڕەهەندی سایکۆلۆژی و ئێستاتیکی و بگرە ستراتیژییشی هەیە و ناکرێت هەروا کاڵفامانە لەولاوە بێیت و بەشێوەیەکی بەشبەش و دابڕکێ، وشە دەربێنیت و حوکمی بەسەردا بدەیت. لەم دۆخەدا، لە دەرەوەوە دەمێنیتەوە، دەرەوەی ڕووتیت، هیچ حاڵی نیت لەوەی دەگوزەرێت. کە خەیاڵت لای وشە بوو، کۆی دارڕشتن لەبەرچاونەگریت، ئیتر لە پرۆسەی دەلالەت و مانا دەچیتە دەرەوە و وەک مرۆڤە سەرەتاییەکان یان مرۆی سایکۆتیک، لەناو یەکەی بچوکبچوکدا گیردەخۆیت و ڕواڵەتی وشە جێی ناوکۆیی مانا دەگرێتەوە. خۆشویستنی کوردی، حۆشویستنە لە کۆدا، نەک بەشی کاریکاتێری و زۆرجاریش هەڵە.

**پرسیار** :لای خەڵکی ئاسایی و نوخبەش، هەست بە هەژموونێکی توندی کۆمۆن سێنس، عەقڵی باو و سەلیم دەکەین. لە پەیوست بە پانتاییە میدیایی و ڕۆشنبیرییەکەوە، دیارترین خەسڵەتی کۆمۆن سێنس نامێژوویبوونێتی، بیرکردنەوەیەک بەبێ حسێبکردن بۆ گوشاری مێژوو، بەبێ ئاگایی لە گەشە نارێکەکەی کۆمەڵگای کوردی. خەسڵەتێکی دیکەشی ڕاکردنە لە ئاڵۆزیی و چەمکاندن و تیۆریزەکردن. خاڵە سەیرەکە ئەوەیە: کەسانێک هەن بەبێ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ نەریتیە فیکرییەکان، بەبێ کەڵک وەرگرتن لە چەمکەکان و فراوانکردن و بەکارهێنانیان، کەچی گوایە خەریکی بیرکردنەوەی هزری و "تێڕامانی خۆماڵی"ن: بیرکردنەوە بەبێ بیرکردنەوە یان بەبێ مێژووی بیرکردنەوە. لەم دواییانەدا، نمونەیەکی ئەم سادەگەراییە عەوامپەسەندەمان لە پەیوەست بە پرسی سێکسەوە بەرچاو کەوت. دیارە کۆمەڵێک بەدحاڵیبوونی زۆر دەربارەی سێکس و ئەو بیریارانەش هەیە کە لێیان کۆڵیوەتەوە (وەک ئەو وێنا کاریکاتێرییەی لەسەر فرۆید هەیە کە گوایە "هەموو شت بۆ سێکس کورتدەکاتەوە"- زوپانچیچ، لە فەسڵی یەکەمی "دەروونشیکاری بۆ؟"دا ئەم وێنا باوە دەرهەق بە سێکسواڵیتە لای فرۆید هەڵدەوەشێنێتەوە و باسی ئەوە دەکات چۆنچۆنی فرۆید سێکسواڵیتەی وەک کێشەیەک دۆزییەوە کە پێویستی بە ڕوونکردنەوەیە نەک  ڕوونکردنەوەیەکی هەمەگیری هەموو شت)، گاڵتەجاڕییەکەی کۆمۆنسێنس ئەو خاڵەیە کە پێیوایە گوایە کۆمەڵگای کوردی نەک کێشەی کەپتی جنسی، بەڵکو "کێشەی زۆریی سێکس" ی هەیە و گوایە ئەم خەریکبوونەش بە سێکسەوە دەسەڵاتی ڕاگرتووە، و لەمەش کۆمیدیتر: گوایە دەستڕاگەیشتن بە سێکس شتێکە هەم بارۆنەکان و هەم خەڵکی ئاسایش وەک یەک "یەکسان"ن تێیدا. ئەم  بەدەنگهاتنە نیمچەدینی و ئەخلاقگەرایەی کۆمۆنسێنس چۆن شیدەکەنەوە؟ هەم وەک دیاردەیەکی گشتی و هەم وەک نمونەیەکی پەیوەست بە "پرسی سێکس لە جڤاتی کوردیدا"؟ دیدگایەکی وەها لە چیەوە هەڵدەقوڵێت؟

**وەلید عومەر:** کۆمۆنسێنس، لەو وشانەیە زۆر حەزم لێیەتی. چونکە ڕووبەرێکە بەردەوام خۆیشتی تیا تاقیدەکەیتەوە، چەند تێی کەوتوویت و چەندیش لێی پارێزراویت. کۆمۆنسێنس(عەقڵی باو)، تەنیا تایبەت نیە بە گشتینەی خەڵک. بەڵکو زۆرجار لە مێژووی فەلسەفەشدا تێزێک یان چەمکێک یان ڕوانینێک دەبینین کەوتوونەتە ناو کۆمۆنسێنسەوە. زۆرجار بیرمەندان یەکدی بەوە تۆمەتبار دەکەن لە فلان ئایدیادا

خزاونەتە ناو کۆمۆنسێنسەوە و ئاگادار نین. دیارە کۆمۆنسێنس ڕووبەرێکی تەواو پۆزەتیڤ و دەستنیشانکراو نیە بڵێین ئەوەتا و ئاگاداری خۆت بە. چونکە پانتایی مرۆیی، بەهۆی زمان و بیر و کات و زۆر ڕەگەزی ترەوە درووستبووە و بەردەوام لە جووڵەیەکی بەردەوامدا دەژی. بەم پێیە، ئەگەری هەیە هەمووکەس لە شوێنێکدا بکەوێتە ناو کۆمۆنسێنسەوە. لە مێژووی فیکردا، کەسانی وەک ڤیتگنشتاین و لاکان لەوانەن بەردەوام شەڕی کۆمۆنسێنس دەکەن چونکە پێیانوایە ئەو شتەی مەبەستیانە لەباردەچێت. بۆیە زۆرجار تەعبیری هەستیار و نامۆ بەکاردێنن. شتانێ دەڵێن لە وتنی مەحاڵ دەچێت، ویناکردنی مەحاڵ، شتانێک کە زۆرجار شەقدەبەین و بەرامبەر تێیناگات.

سەبارەت بە لای خۆمان شتەکە زۆر تێکەولێکەیە. سەرلەبەری فەزاکە، نوقمی کۆمۆنسێنسە. بۆیەشە ئەو کەسانە ئاسانتر قبوڵدەکرێن کە قسەی دڵی خەڵک دەکەن. واتە کۆمۆنسێنس، حینجەدەکەنەوە و بەئاسانی دەینوێننەوە. خەڵکەکە و قسەکەرەکانیش بەڵێ بە ڕووی ئەوەدا دەکەن کە هەیە. نیچە دوو جۆر بەڵێگۆیی جیادەکاتەوە، یەکیان بەڵێگۆییە ئاڵۆزەکەی خۆیەتی کە دەبێت بەردەوام وریایی بنوێنیت و نەکەویتە ناو کۆمۆنسێنسەوە. ئەویتریشیان ناودەنێت بەڵێگۆیی گوێدرێژ یان زەڕینی بەڵێگۆیانە، واتە ئەوەی لە سنوری کۆمۆنسێنسدایە قبوڵدەکەیت و جەختی لەسەر دەکەیتەوە. سەیرکە لەمرۆدا چەمکێکی وەک "جیاوازی"یش لەناو کۆمۆنسێنسدا چیی لێهاتووە. یەکپارچە بووە بە زەڕینی ئەرێگۆیانە.

له کۆندا، جیاوازی ئەم مانا عامی و گاڵتەجاڕەی نەبوو، بەڵکو دەبوو تا کۆتایی بڕۆیت. ئەرگۆمێنتت پێ بیت، نەک ئەوەی لەهەرکوێدا شتەکە لەگەڵ هەوەسە بچوک و شەخسییەکانتدا نەگونجا، ئیتر بڵێی «جیاوازین». جیاوازی وەک دالێکی هەڵە کەوتووەتە واقیعی ئێمەوە، ئەویش لە شوێنکاتێکی هەڵەدا. واتە شوێنکاتەکەت بەبێ ئەوەی گەشەی سرووشتیی چەمکی "جیاوازی"ـی تیا کردبێت، چەمکەکە دەتوانێت بۆ هەر دەمارگیرییەکی تایبەت بەکاربهێنرێت. واتە بە فۆرم لە چەمکە گەردوونییەکە دەچێت و لە ناوەڕۆکیشدا هەمان عەقڵیەتی کۆمەڵگاکەی خۆتە. لێرەدا جیاوازی، بریتی نیە لە دوو "ڕا"ـی بە ناوەڕۆک جیاواز، بەڵکو کەرتبوونی پاتۆلۆژییانە و کەلتوریی یەک "ڕا"یە بەسەر دوو هێزی دەمارگیریدا. واتە داننان بەوەی ڕایەکە و تووشی قڵیشی دەمارگیری هاتووە لەپێشترە بەراورد بەوەی تووشی جەهل بین و پێمانوابێت "هەڵوێستێکی جیاواز"مان وەرگرتووە. جەهلی یەکەم بەسەر ئاگاییدا کراوەتەوە و کەمەکێک کاتی دەوێت بزانین چۆن خەسڵەت وەردەگرێت. بەڵام هی دووەمیان، تەنیا لە هەندێ حاڵەتی کورتدا خاوەنەکەی دەخاتە بەر ڕۆشنبوونەوەیەکی نەستەکی و پاشان دەچێتەوە سەر دۆخی پێشووی. بۆنمونە هیچنەگۆیەک یان "شلکەئیسلامییەکی هەڵیتگۆی نێو فەیسبوک"، نەرمتر ڕشانەوە زەینییەکانی خۆیان دەرخواردی خەڵکێک دەدەن کە بێشک خۆیان لە زومرەی «جدی»یەکان دەژمێرن. پێشتر ئەم جۆرە قسەڕیزکردنانەمان ناونا، **ئۆرگازمی پێشچەمکایەتی**. دۆخێک کە ئاماژەیە بە جۆرێک حاڵلێهاتنی بنوسەکەی و خوێنەرەکەشی کە لە ساتێکی کورتدا و بە زمانێکی هەژار، هەردوولا لە حینجەکردنی ڕاستییەکەدا مەستدەبن کە هێند ڕاستە، زیانە بۆ شکۆی ڕاستی. چونکە دەزانین **ڕاستی**

له فەلسەفەدا دوورەدەستە، و ناوی "حەقیقەت"ـە و لەجیاتیی ئۆرگازمیش، بە ئەگەری زۆرەوە دەتکوژێت.

**پرسیار :گەرچی هێشتا کۆرۆنا بەتەواوەتی تێنەپەڕێنراوە، بەڵام خەریکە پێ دەنێینە قۆناغی "پۆست-کۆرۆنا"وە. لە وتارێکی ساتەوەختی کۆرۆنادا، کە هەمووان بەتۆقینەوە باسیان لێی دەکرد، ئێوە نوسیتان "کۆرۆنا ڕووینەدا، لانیکەم لای ئێمە"... ئایا کۆرۆنا لای ئێمە ڕوویدا یان نا و بە چ مانایەک؟ و دەکرێت ئاوڕێکی ڕووەودوای لێبدەنەوە؟ ئایا قۆناغی دوای کۆرۆنا چی پێیە بۆمان؟ (لانیکەم لە ئاستە گلۆباڵەکەدا، بەحوکمی ئەوەی کۆرۆنا خۆی پەتایەکی جیهانگیرە).**

**وەلید عومەر:** دەربڕینی ڕستەیەکی وەک «کۆرۆنا ڕووینەداوە»، دەربڕینێکە عەقڵی باو یان کۆمۆنسێنس بۆی هەرسناکرێت. چونکە لای ئەو ڕوودان هەر ئەو کردەیەیە کە بە چاو دەبینرێت. ئەو ئاشنای هیچ زمانێکی تری هزری نیە. کۆرۆنا وەک کارەساتێکی مۆدێرن لای ئێمە ڕووینەدا. بگرە، سەمپتۆمێک بوو تا دژیەکییە ناوەکییە بەرابییەکانی خۆمان ببینین. خەڵک مردن، بەڵام بەپێی شێوەگوتارێکی تر مردن. ڤاکسینەکەش، تەنیا وەک دەنگ هەیە، ئەویش لە گوتارێکی حیزبیی بەدەویدا قەتیسکراوە. هەستدەکەم پاش کۆرۆنا لەجیاتیی حەزەر(پارێز و وریایی)، سوپەرئیگۆیەکی گەردوونییمان بۆ درووستبووە و ئەمجارە بێباکتر مامەڵە بە ژینگە و جەستە و هەموو شتێکی خۆمانەوە دەکەین. سوپەرئیگۆیەک کە بەشێوەی نەستەکی ورتەرتێتی: تۆ کە کۆرۆنات تێپەڕاندووە، لە چیی تر دەترسیت؟